# پرسە

عەبوو ڕاوەند



شیعر

کتێبی ژنەفتن

٢١

# پرسە

نووسینی: عەبوو ڕاوەند

# پرسە

نووسینی: عەبوو ڕاوەند

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: پرسە
نووسینی: عەبوو ڕاوەند
بابەت: شیعر
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
تابلۆی ڕووبەرگ: هاوار ئەمینی
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ژانڤیەی ٢٠٢٥
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٥٢ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

لە دوای بڵاوکردنەوەی دوو کتێبە شێعری "قۆزە" و "گیانبازی" لە دڵ و دەروونەوە تەواوی هەوڵم ئەوە بوو کە بۆ هەمیشە دەسبەرداری نووسین و بەتایبەت شێعر لەبیر بکەم، ئەمویست توورەیی لەبیرم بباتەوە. ڕاستییەکەی لەبیری بردبوومەوە، شاعیر بوون هەستی ساویلکەیی و دڵپاکی و گەمژەیی پێ ئەدام، ئەو هەستەی کە لە هەمووان بووراوم و لە تاوانەکانیان خۆش بووەم. لە پاڵ ئەو هەموو توورەیی و تاریکییەی ناو شێعرەکان ڕاستییەکەی دڵ و دەروونم هێمنی و ئاسۆیەک باڵی بەسەردا ئەکێشا، کە لەگەڵ ژیان و بیرکردنەوەمدا دژ بە یەک بوو.

نووسینی ئەم کتێبە تازە بێ پلان و حەزی خۆم بووە، لەدایکبوونێکی حەوا و عیسائاسا کە لە پەراسووەکانمەوە هاتۆتە دەر، ئەتوانن وەک زۆڵێک لە ئەدەبی کوردیدا چاوی لێ بکەن، کە لە ڕاستیدا بۆ خۆم وەهایە. بەداخەوە دوای

نووسینی هەستی لێبوردن و ڕەزایەتێکی قووڵی زاڵ کردبوو بە سەرمدا، کە هەمووانی لە هەڵەکانیان بێبەری ئەکرد. هەوڵم دا تا نووسین و تەواوکردنی، شێعرەکە ناوێکی نەبێت، تا شێعر و دەقەکە خۆی بێت کە ناوێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت، لە گێڕانەوەیدا زانیم کە ناوی "پرسە"یە.

قۆزە و گیانبازی لە دەوری مەرگ کۆ بووبوونەوە، مەرگ باڵی بەسەریاندا کێشابوو، هیوادارم "پرسە" تەواوکەری ئەو سێیانە شێعرییە بێت و پرسەی ئەم شۆڕش و دەروون و نووسینی شێعرەم، زیاتر لە هەر شتێک پرسە و بەڕێکردنی نووسینی شێعرم بێت، ئێرەم کردبێتە دوا وێسگە و مەنزڵی مەرگی شێعر و نووسینم.

ئەگەر زیندووبای بۆم ئەگێڕایتەوە چۆن هەواڵی مەرگتیان پێدام

چووینە گۆڕستان و گۆڕەکەت تا گەیشتە ئەڵحەوەکەت

هەر قوڕ بوو، دواتر دامان پۆشیەوە و وتمان تا

گەیشتنەوەی تەرمەکەت کات زۆرە

تەنیا جیاوازی مردوو و زیندوو ئەوەیە مردوو کات لای گرنگ نییە

ڕۆژێک لە سەوزە مەیان پێت وتم خەریکە باڵ دەربێنی

دوو باڵی بێتاقەتی خەریکە پێت لەم خاکە ببڕێ

وات وت بێتاقەتیم وەک باڵندەیەک وێنا کرد ئەفڕی

وتت خەریکە پەڕ دەرکەی، زانیم پەلەوەرەکان بۆ بێ

ئۆقرەن و جریوە جریویانە

شینی پەلەوەرێک چۆن لە ژوورێکی ئاپارتمانیدا بگێڕدرێ

دەشت و ئاسمانی ئەوێت گریان، بێتاقەتی

زیندووبوون خاکی ئەویست کە تۆ نەتبوو

ویسم بتگێڕمەوە ڕابردوو تا پێبکەنی کاتێک سیندرێلا

دۆستت بوو، کێرمان بەقەو یەک ئەگرت و پێئەکەنین

نەمگێڕایەوە و زەردەیەک گرتمی

وتت لە دەستدانی کراتین و ڤیتامینی خوێنت لە

ڕادەبەدەرە

یەکێک لەو چەن ڕۆشنبیرەی لەو لامانەوە بە پێوە

وێسابوون وتی هەموو جۆرە ئیدئولووژییەک خەتەرناکە

یەکێکی دیکەیان قومێک لە چاییەکەی خواردەوە.

گۆڕەکەتمان کە ئەکەند پیرەکان گۆڕەکانیان نیشان ئەکرد،

ئەمە گۆڕی کێیە و گۆڕی کێ نییە، بە ئەستەم

ئەیانناسییەوە، لەسەری ئینکاری قسەکانی یەکدییان ئەکرد

ژن و مێرد و خزم و نزیکەکانیان لە پاڵی یەک ناشتبوو

براکەت کە خۆی پاڵاوتبوو بۆ نوێنەری شار لەو کاتەوەی

بەڕێ کەوتبوو خۆی بگەیەنێتە تەرمەکەت، تاران و

تەرمەکەت، تاران و تەرمەکانمان لەوانەیە لە دڵەوە وتبێتی

دەنگێکم کەم بووەوە و چەندی دیکەم بەدەست هێنا،

مەرگیش لەدەستدانێکە و هەزار دەرفەت.

هەواڵی مردنتم بە چەن کەسێک دا وتیان بەڕاستە؟

ئاورڕم دایەوە جگەرەیەکت داگرساندبوو دووکەڵەکەی بە کۆیی لە دوور و نزیکتەوە وێسابوو، لێت جیابووبووەو وەک ژنەکەت، وەک ئەو لە دوور و نزیکتەوە وێسابوو، وەک ئەو لێت ئەڕوانی تا بڵاوە بکات و لە بەرچاوت نەمێنێ.

دوای ئەوە جگەرەیەکی ترت داگرساند تا جارێکی تر بێتەوە دوور و نزیکت

جێگەیەکت نەمابوو تا ڕابردووی تیا بگێڕمەوە، هەموو شتێکت لە بیر چووبووەوە و بۆت گرنگ نەمابوو

هەر ئەو ڕۆژە مردبووی، وڵامێکم بۆت نەبوو، وڵامێکم بۆ مەرگ نەبووە و نییە

جگەرەیەکم بەرامبەری تەرمەکەت داگرساند، چاوت لە

دووکەڵەکەی کرد و وتت لە نهۆمی سێیەمی

نەخۆشخانەیە لە تاران ویستووتە خۆت بخەیتە خوارەوە

کەسێک هات و بە گەرمی سڵاوتان لەیەک کرد.

بۆ سبەیەکەی پێش ئەوەی تەرمەکەت بگات

ئەڵحەوەکەشتمان کەند و ڕازاندمانەوە،

تەڕ بوو، گۆڕیچەمان بۆت کەند، خۆڵی وشکمان لە نێو

گۆڕەکەت پژاند

تا تۆ بگەی ئاور کرابووەوە و خەڵکەکە لە دەوری کۆ

بووبوونەوە

ئەوانەی لەوێ بوون چووبوونە سەر گۆڕی مردووەکانی

خۆیان و فاتیحایان ئەخوێند

جگەرەیەکم هەڵکرد و کەمێک بە شەرمەوە هاتەوە بیرم
کە گۆڕی باوکی خۆم نازانم

هەرکەس ئەگەشتە پاڵم هێواش ئەیوت ئەم بەیانییە
مەلابانگدان ئەو چوار کوڕەشیان لە سێدارە داوە

هەواڵێ کە خۆم بیستوومە نازانم بۆ پێمی ئەدەن

فەرهاد ئەوانیش وەک تۆ پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێن
مردبوون

شەو کە ماتڵ بووین تەرمەکەت بگاتەوە کەسێک لە
گوێمدا بانگی هەڵدا کە وەفای لە هوتێلێک لە هەولێر
دیتووە

پێکەنیوە، پێیان وتووە وەفا چاوشین

لەبەر ئەوەی من حەزم بە چاوی شین و نازناوی
چاوشین نییە، چاوەکانی وەفا جۆرێکی تر دێنە پێش چاوم

تۆ لە هەرکەس زیاتر چاوی شینت دیتووە، چاوی

ژنەکەت، وەک دەریایەک خنکاندتی

گۆڕەکەت ئامادە بوو

لە دەوری ئاورەکە جگەرەمان ئەکێشا و قسەمان ئەکرد

باسەکە گەیشتە ئەو درۆنانەی لە پایەگای ئامریکا لە

ئوردون دراوە

کەسێک کە ماندوو بوو لەم باسانە وتی وێڵ کەن دنیا

جەبەڵ جەبەڵە

تەرمەکەت گەیشت و بێدەنگ بووین و ڕووەو تۆ چەن

هەنگاوێک هاتینە پێش

داتیان گرت و کەسێک وتی غەفەرەڵڵاهو لەنا و لەها

هەدیەتەنەل فاتیحا.

بزانە سەر گۆڕەکەت کرایە ستاد و شوێنی بانگەشە

دواتر دایان یەڵایتە خوارەوە باوکت وتی کوڕەکەم فەرهاد

بمبەخشە

باوانەکەم

کە وای وت من زانیم باوان هیچ کەسێ نابەخشێ

باوان کە بە کۆتێکی شینەوە وەک چاوەکانی دایکی و

خۆی و وەفا و ژنەکەت شین، لە سەر گۆڕەکە بە

چۆکەوە کەوتبوو

هەمووتان بینیتان، بیانووی بۆ دایکی ئەگرت تا جارێکی

تر بۆی زیندوو بکەنەوە

دواتر لە باوەشی باوکیدا ئاوڕی ئەدایەوە تا شایەت دایکی لە گۆڕەکە بێتە دەر

نەهاتە دەر، دواتریش نەهاتە دەر

تا ئێستا کەسێکمان نەدیوە زیندوو بێتەوە، بێتە دەر (جگە لە ئیلیعازر)

تۆش نایتە دەر

کێ دیویە تا بڵێین باوان هیوادار بە

باوان نازانێ ئەبێ ڕق لە کێ بکێشێ، وەک تۆ

نازانێ ئەبێ کێ ببەخشێ، ئەجەلە و وادەیە و دیاری کراوە، یەکێ بە هەڵواسین، یەکێ بە گولە، یەکێ بە ماشین، فەرهاد کەسێکیش وەک تۆ بە خەڵاتی خوایی

سەبوور بووی بەڵام من نازانم سەبر کێی بەخشیوە

تەواو بووین، باوکت وتی خەڵکەکە بەڕاستی ئێمە

شایستەی ئەوە نین، وایزانی ڕۆژی دەنگدانە و

نوێنەرەکەی دەرچووە

ناشتتمان و گەڕاینەوە

هاتمەوە ماڵ دایکم وتی خاک مەیل برە، ڕۆڵە گیان تەنیا

چاوی خۆی پڕەبێت لە گڵ

وتم خاک خۆی مەیلە دایە

تەلەویزیۆنەکەم هەڵکرد ژنەکەی پژمان بە فارسییەکی

گەنیو قسەی ئەکرد، ئەگریا

فارسییەکی گەنیو کە زمانە کوردییەکەشی بۆگەن کردبوو

و گەناندبووی

چاوم لەو کرد تا کەمێک قسەم نەکرد، کوردییەکەم لەبیر

چووبووەوە

ترسام قسە بکەم

پاڵم دایەوە و نەمئەزانی ئەبێت بیر لە چی بکەمەوە

خۆزگا ئەمزانی چی بڵێم، سەختە نەزانی بە دۆخ و کێشەکان چی بڵێی

سەهلە بە شادی بڵێی پێبکەنە، هەڵپەڕە، یا بە دڵتەنگی بڵێی بگری

بەڵام من تەنیا ڕابردووم بە گریان سپاردووە

تۆ هەنووکەی، هەر تاوە و ناوێکت هەیە، هەر تاوە و ناوت برینێکە

گۆڕەکە دیارە، بیرم ناچێت هەرکات ویستت ئەتبەمەوە سەری

ئەوانەی گۆڕیان ونە تەواوی ئەم زمانە ئەکەنە قەبر

وەک فەرزاد کە کات و ڕۆژگار تا ئێستاش بۆ تەرمەکەی ئەگەڕێ

کە هێشتاش ترس خۆی لێ ئەشارێتەوە

یا محیەدینی ئیبراهیمی بێ ئەوەی شەکەت بێ بۆ گۆڕەکەی هیدایەت ئەگەڕا

هاوڕێیان یەکتان دیەوە لە بەندیخانەکەی عوسمان موستەفاپوور، لە ئاخرین ماڵی قانێع

یا ڕامین ڕێگای نێوان قروچای و هەسەن ئاوا ئەکاتە قەبری بە دەشت و کێوەکاندا ڕێگای نێوان گوندەکان پێکەوە ئەبەستێتەوە

کوێرەڕێ و جادەکان ئەکاتە گۆڕی، پیاسەیەک تا سەر تەختی سارڵ ئەکات و لە قاڵقاڵییەک ڕادەمێنێ و لە

دوورەوە بەرامبەری گوندێ ڕائەوەستێ و چاو لە ناو دێ

ئەکا و ئەڵێ لە کێ ڕێگای مەولان ئاوا بپرسم

کفنێک ڕادەخات تا هەوەتوو و هەزبێی سوڵتانی لێ ئەدا

بەرەو گەڕووس ملێک ئەکێشێ و ئەڵێ بێ خانەخوێ لێرە

چ بکەم

ئەڵێ لێرە بمرم گۆڕم نابێ

فەرهاد تۆ ڕۆژی نۆی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی گیانت

لە دەستدا

مردی، ماڵاوایی یەکجاریت کرد، دڵە گەورەکەت لە لێدان

کەوت، فەوتت کرد

ئەتەوێ بزانی لەم ڕۆژەدا چیتر ڕووی داوە

من نەمەزانی نۆی ڕێبەندانە، دایکی پژمان وتی:

من ئەفسانە یوسفی دایکی پژمان فاتحی ڕایئەگەیەنم، ئەوڕۆ نۆی ڕێبەندان کوڕەکەم پژمانیان لە سێدارە داوە

داوا ئەکەم لانیکەم تەرمەکەی ڕادەست بکەنەوە تا سەباح بڕواتەوە سەر گۆڕەکەی باوکی

نەیان دایەوە، سەباح دوارۆژ بڕوات سەرێک لە پەنجەلی و چلچەمە بات، نەبوو لە سۆما بە دوای دوایین جێ پێی باوکیا بگەڕێ

پژمان وەک تۆ نەمرد و نە گیانی لە دەست داو و نە ماڵاوایی یەکجاری و نە دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، پژمان لە سێدارە درا

فەرهاد من چەندین جار لێدوان و کۆمێنتەکانی تۆم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خوێندبووەوە، گاڵتەم لێ دەهات پێت

بەڕاستیش گاڵتەجاڕی بوون، زۆرم دیوە لەو کەسانەی

وەک تۆن

بەڵام هێشتا تۆم لە زۆرینەی ئەم کۆمەڵگا پێ باشتر بوو،

لە تەواوی بنەماڵەت

بەردەوام لە ماڵەوە بە وێنەکانی باوکت پێئەکەنین

بۆ سبەیەکەی دەی ڕێبەندان بوغز قوڕگی دێولانی گرتبوو

سنە دووکان و بازاڕی داخستبوو و مانیان گرتبوو

کەسێک وتی سنە، بەڕاسی سنەی

هەر ئەوەی لە گوێمدا بانگی بۆ وەفا هەڵدابوو وتی وانییە،

سنە نە ئەو سنەی قارەمانە و نە سنەی خوێناوی و نە

سنەی باوانە

وتی سنە لە دوورەوە قارەمانە

بێیتە ناو و نزیکی نازانی چ شارێکی ویتە ویتکەر و تیکەژمێرە

بەردەوام سەریان لە قوونی یەکدیدایە

وتی سنە تەنیا هاوڕێی بەرژەوەندییەکانیەتی

سەرم داخست و بەرزم نەکردەوە لەو کاتا چوون وڵاتێکم نەبوو تا بۆی بڕوانم

چوون وڵاتێکمان نەبوو تا تەرمەکانمانی بۆ بگێڕنەوە

ئەوان شەڕی خاکیان کردبوو بۆ ئەوەی پیشان بدەن ئێوە خاکتان نییە، تەرمەکانیان پێ نەداینەوە

ئەمەی وتم شەڕێک و ئاماژەیەکە

فەرهاد تۆ ویستت لەگەڵ ژنەکەت چێژ سەقامگیر بکەی لە ژیانتا

هۆکارێکی ترت بۆ ژنخواستن بوو جگە لەمە

ئێستا بۆت ڕوون بووەوە کە هاوڕێکان و بنەماڵەت نزیکترین دوژمنەکانت بوون

دە ڕۆژ کە لە مەرگت تێپەڕی کەوتنە بانگەشەی چڕتر بۆ براکەت

لە قسەکانیانا ئەیانوت کەسێکی تەوانمەند، کارامەد، وە خەیرێکی گەورەیە

مەگەر تۆشەی خۆت ئەنا هیچ کەسێکی ترت لەم دنیا لەگەڵدا نییە

لەو دنیا ئەگەر لێتیان پرسی خوات کێیە بە زوانێکی فەسێح و پاراو بڵێ خوام ئەڵڵایە

پێغەمبەرم موحەممەدولموستەفایە و کتێبی ئاسمانیم

قورعانە و بڕوام بە مردن و زیندووکردنەوە و ژیانی دوا

ڕۆژ و هەتایی بووە

بێ ترس جواو بەرۆ

بەڵکوو خوا بتوانێ چێژت بۆ سەقامگیر بکات

بەڵێنی سەقامگیری چێژی داوە بە موژدەبەرەکانی خۆی

فەرهاد دوای ڕزگاربوون لە پرسیار و وڵامی قەبر

داوا لە خوا بکە

داوا کە لە خۆیدا شتێکی گەورە و جێبەجێ نەکراوە

بزا پێی دەکرێ ئەوەی خۆت نەوتوانی بیکەی

مانگێ دواتر لەو شوێنەی لە سەوزە مەیان پێکەوە

دانیشتبووین

کەسێک بەو بانکە لە گەڵاڕێزانی ٩٨ سووتێندرابوو وتی

واو لەو موڵکە جوانە، بۆی ڕوانی

وتی حەیف نەبێ

هەر ئەم قسە بەس بوو بۆ ئەوەی من بە مژێک لە

جگەرەکەم

لەگەڵ بێدەنگیدا قسە بکەم

لەگەڵ تێگەیشتندا

من بە مژێک لە جگەرەکەم وڵامم دایەوە، بە ڕوانینێک کە

ئاو زابووە چاوەکانم

هەستم کرد بە ڕوانینێ لاواز بۆم ڕوانی، پڕ نەمڕوانی

تۆزێ ڕوانین و مژێ جگەرە و سەر داخستنێکم کردە

وڵام

ئیتر لەو ساتەوە من سەرنجی موڵکە جوانەکان ئەدەم

بە هەر دووکانێ ئەگەم کرێکەی دێتە ناو مێشکمەوە

وەک ئەوەی ناویم بیر بێتەوە

گەورەیی و چکۆلەییان لە بەرچاو ئەگرم، هەڵکەوتی

پێشتر لە کەلاوەیەک زیاتر نەمدەدین

خەڵک و خاوەنەکانیانم ساویلکە ئەدی

ئێستا لە پێش چاوم هەمووان دوو کوز و دوو قنگن

ئێستاش نەمتوانیوە پڕ بڕوانم بۆ ئەم دنیا

نە تەنیاییم ماقە و نە جەنجاڵیم ئەبڵەق

نە بیرکردنەوە دەلاقەیەک ئەکاتەوە و ئاماژەیەک بە چۆڵی ئەکات

نە شێعرم تابلۆیەکە تا ناونیشانێکت بداتێ

لە دوای ئەوە براکەت دەرنەچوو بنەماڵەکەت وتیان ئای

فەرهاد چ داخێکت نا بە دڵمانەوە

دیار بوو ئایی تۆ نییە

بەشەر هەر شوێنێکی بسووتێ تۆ قسەیەک قرچاو لە

دەمی ئەبیستی

یا کزەیەک

مەگەر ئەوەی کە هەناسەیە هەڵنەمژێ

ئەمانە ڕاستین و ئەوتوانی نەمری و نەچیتە ئەو قەبرەوە

قەبووڵکردنی حەقیقەت خۆی قەبرێکی قووڵتر لە مەرگی

ئەوێت

درۆ خێراتر لە ئەسپێکی ڕەشی جافییە و

هەردوو گوێی قوت بە تەوقی سەریەوە و

دوو چاوی قەوی، کە بڕێجار توورە ئەڕوانێ و

بڕێجاریش دڵسۆزانە

تا بڵێی گرتک قەوی کە لە ڕوانینی تێر نابی

درۆ جوانتر لە ئەسپێکی جافییە و کە بە قاشاوی

ئەحیلکێنێ، سەر شۆڕ ئەکاتەوە و حیلکەیەک ئەکات و

سمکۆڵ و چەپۆکانێ

دێتە بەرچاوت چۆن ئەڕوات

مەدحی بووی؟

سۆراخی ناونیشانی پژمان ئەپرسم کەس نایناسێ جگە لە مەرگ

تا بزانم لە ماڵێکی گڵینەدا گەورە بووە و

بە نهێنی کەری گاوە و

لە بوختان و زەمی خەڵک ترساوە

تا شایەت بە مەرگ و ڕێگەکەی ویستبێتی بڵێ ئیتر وازبێنن و

خاسەم بڵێن

شایەت مەرگی خۆڵ بێ و کردبێتیە چاوی ئازادییەوە

چاوی حەقێقەتەوە

شایەت مەرگی گولە بێ و بە ژیانیەوە نابێ

وەک تۆ فەرهاد کە مەرگت داخێک بوو بە قاچی پەلە و

هەڵپەتەوە نا

بە قاچی بەرژەوەندییەوە

ئیمڕۆ کەسێکم دی

کە کار برۆکانی کردبووە دوو داسە کوڵە و بە

نێوچاوانییەوە بوو

کە بۆت ئەڕوانی ڕوانینەکانتی ئەڕنیوۆ

چاوت ئەبووە جاڕێک، سوور

برۆکانی دوو داسە کوڵە بوون کە نالی مەهی ئەبرۆی

ئەنایەوە تاقی ئاسمان

برۆکانی شێعری کلاسیکی ئەکردە شێعرێکی بێ برۆ

ڕقی لێتان بوو فەرهاد

پێتانی ئەوت هەلپەرەست، ئەیوت تەنانەت مەرگی تۆش نەیوێساندوون

بۆم ئەڕوانی، بۆ برۆکانی

هەستمەکرد ئارەق مووەکانی چەسپاندووە بەیەکا

کەوشەکانی ژمارەیەک دووان لە پێکانی گەورەتر بوون

قەیتانەکانی تووند جەڕاندبوو

قۆمچەی ملیوانەی کراسەکەی هەڵپێکابوو

تا شایەت مێژوو وەها گلی بداتەوە و بیناسێ

مێژووی زەین کوێر

ئەگەر حەقێقەتی چنگ قونجاو و چەکل لەتێک نانی لە دەست دەرهاتبێ

ئەو لە دەستی دەرهانیبوو فەرهاد

براکەت کە ئەم شێعرە بە هیچ شێوەیە نایەوێ ناوی
بهێنێ جگە لەوەی بە برای تۆ ناوی ببا

کەوشەکانی چەسپی پێ و کراس و کەوا و پشتوێنی

چاو و برۆ و لووتی ڕێکتر پیشان ئەدا

لە وێنەی لافیتە و بنێرەکاندا

بۆ هەر شەقامێکی بڕوانیایە ئاوەدانی ئەکردەوە

چاوەکانی بە دەماختر لە ئەسپێکی ڕەشی جافی

ڕوانینەکانی لەو توونتر دەچوون

غاری دەدا تا شایەت داهاتوو وەری بگرێ

داهاتووی سپڵە کە هەر دەستی گەشتەوە دەمی خۆی
هەنووکە و ڕابردوو ناناسێتەوە

ئەگەر زیندووبای و ئەم شێعرەم بۆت بخوێندایەتیەوە

جگەرەیەکت هەڵئەکرد، دووان و سییان بە شوێنیا

من نەمەزانی فەرهاد کە چاوپێکەوتنێک یا دان بە بەر دووکانێکا یا تێپەڕینی نەناسێک لە پاڵمەوە

ڕوانینم تن ئەکاتە گۆشەیەکی چۆڵ لەم دنیا

لە دوای بینینی ئەو نەناسراوە لە پاڵمەوە پێ هەڵئەگرم و خێراتر ئەڕۆم

نازانم بۆ لە دوای ئەو دیمەنانەوە توندتر ئەڕۆم بە ڕێیا

من نەمەزانی تێپەڕینێکی ئاوا ساکار هێندە قووڵە

تێپەڕین لە لای کەسێکی نەناسەوە بێ سەروشوێنم ئەکات

نازانم بۆ جارێک بێ ڕەحمانە وەک خوگ پرسیم

ئەتوانی جگەرەکانت کەم کەیتەوە

هەستم کرد ئەو پرسیارەم ئەوەندە مەرگی هێناوەتە

نزیکمانەوە

مەرگ چاوێکی بەرز کردۆتەوە و بە گومانەوە بۆی

ڕوانیوم

ڕوانین و هەناسەکێشانی مەرگ، مەرگ کە توندتر

هەناسە هەڵئەمژێ و ئەیداتەوە دەرەوە، قورس و بێدەنگ

ئەڕوانێ

ئەگەر زیندووبایتایە و ئازارەکانت کەمتر بوایەن

ئەمتوانی لە شەهیدانی شۆڕشە بەرینەکە قسەم بۆت

کردایە

لەوەی کە کورد لە گەڵاڕێزاندا لە مەرگ کەمتر ئەترسێ

ئەموت کە شۆڕش لەدایکبووی گەڵاڕێزانە و

خاکەلێوە قەبریەتی، کار قەبریەتی

ئەموت کە شەهید ئەگەر وێنەکەی ڕۆژێکیش پێش مەرگی

گیرابێت

کۆن ئەبێت ، وەها دوور ئەکەوێتەوە لەو وێنە و قاپی

ئەگرێ

کە نازانم چۆن مەرگ لە گونجاوترین شوێنی ئەو ماڵە

هەڵیئەواسێ

مەرگی تەمەڵ، مەرگی پیر، مەرگ کە خۆی وێنا ئەکەم پیر

دێتە بەرچاوم

ئەگەر ئازارت کەمتر بوایە ئەم گۆرانییەی موئمنی

زەندکەریمیم بۆ ئەهێنایتە ئەم شێعرەوە

با خەم لە دڵما ببێت بە خەرمان

تۆش بۆ دەردی من

نەبووی بە دەرمان

یەکەم دێڕ بۆم ئەنووسیت، بۆ سنە

بە دەنگی سنە بۆم ئەوتی

بە شێوەیەک موئمن خۆیشی بۆ ئەم شێعر و وڵاتە

نەبووبێتە دەرمان

موئمنی خەرمانی خەم

بە دەنگی سنە، سنەی ناو گەرووی یەدوڵڵا موحەممەدی

ئەو سنە کە کەس لەویا ناوی نەبیستووە

سنە تەنیا و شەیداکەی ناو گەرووی فەتانە وەلیدی

کە هەر گۆرانییەکی ژنێکە و خۆی کوشتووە

سنەیەک کە لەویا دەسی چووبێتە گیانی خۆی

کە خۆی ژیان بێت و مەرگیش بووبێت

ئەگەر ئەم زمان و شێعرەم بە مەرگ سپاردووە

داوای ڕزگاریتان لێ ئەکەم

ئەگەر ئازارت کەمتر بوایە مەهاباد بەسۆزتر سابڵاخی ئەلاواندەوە

شەو تا سبەی بەلای تەرمی بۆکانەوە ئەمایەوە و

سبەی لە ئوروک دەینێژا

جگەرەیەکت هەڵئەکرد و یەکێکی تر بە دوایا و بۆت ئەڕوانیم تا شایەت خۆم تێبگەم و بتوانم ئەم شێعرەی پێبنووسم

نازانم ئازار چۆن بیر ئەکاتەوە

دڵی دائەچڵەکێ گەر کرماشان بە گۆرانیەکی حەسەن

زیرەک گڕ بگرێ

نازانم ئازاری کەمدوو و کەم قسە چۆن بیر ئەکاتەوە

ئەگەر ئازارت کەمتر بوایە ئەم شێعرە نوێتر زمانی دایکی

خۆی گۆ دەکرد

جوانرۆ بە دەم گڕوگاڵی خۆیۆ چڕنووکێکی بە چاوی

هەواڵەکاندا ئەکرد

سەردەشت شارێ قەرزار ئەبوو بە شنۆ

شاعیران شەقامێکیان بۆ نەئەما تا بیبەنە نێو شێعریانەوە

شاعیرانی شێت، چەن شەقام قەرزارن بە شەهید پێیان بدەنەوە

ئەگەر شێتن ئیتر کەم خیابان بخۆن

ئەویش ئێوارانی

هەر بەوە تاریک و لێڵە کرێکارە

تەرەس ها وشە ئاجۆرت نەهێشت بەم زمانەوە

شێعرێک نەهاتبێتە بەر پەنجەرە ئیتر شێعر نییە؟

مەمکەیەک گووشی نەخرابێتە بەینیەوە ئیتر خڕ نییە؟

شاعیر چۆن زانیت کە هەینی جومعەیە

کفرە یەکشەمە بێتاقەت بێ و قاوەتوون کەمێک فەلسەفە و شێعر قەرزکات لە ئێواران

بە ئیجازەت شاعیر، سێکسیت، بچیتە بەر ئاوێنە ئاوت لە خۆت دێتەوە

ئاااە شێعری نوێ، ئاااخ نوێتر، ئاخخخ شێت، ڕەحات بووم شێتتر

بە ئیجازەت ئەم شێعرە بە واتای نزیکی لە قسەی خیابان نییە

قسەیەکی ترت هەس با بزانم

خۆ ئەم ماوە مەرگ کێ بە کێ بوو تۆ بۆ جارێ نەمردی شاعیر

خیابانت چی لێ کرد

لە سەر ئیزنت ئەم ماوە کە شێعر برسی بوو تۆ جارێک نەتقۆڕاند سکت مەبەستە، مەبەستمە

تێبینییەکانت لە سەر سەرم

ئابانیش هەر گەڵاڕێزانە

گەڵا لە هەر وەرزێکدا وەری خۆ بە واتای پاییز نییە

تێبینییەکانت لە سەر سەرم، دوو دێڕ جێدێڵم و خوارتر

ئەتنووسم

تۆ هەورامان وێرەگا ئەنێیتە سەر تاشێک و ئەڵێی

هەڵنیشە وێنەت بگرم

گرتت، وەشا، فرە وەشا، زەریفا

فەرەنجی و کڵاوەکەت داگرە لە وێنەکە و هەورامان بێرە

دەر، خۆشت بێ

تێبینییەکانت لە سەر سەرم ئابانیش هەر گەڵاڕێزانە

بەڵام بێ گەڕیانی مەرگ، بێ جوان/ڕۆ

لێرە زارات بە جەستەیەکی وشک و ڕقەوە لە بەندیخانە
کردووە و

لەیلاخ و کوردستان و زمانەکەیت لێ جیاکردۆتەوە

زارات بێ زمان دووجار بەند کردووە

تێبینییەکانت لە سەر سەرم

ساوێر هەمان پارانۆیاس و بەرینتریش

تێبینییەکانت لە سەر سەرم پژمانیش هەمان ئیگناسیۆس

ئیرشادی ڕەحمانی هەمان ئیکارووسە تووڕدرایە نێو
بەنداوی گاڕانەوە

ئەو ڕۆژە لە نێو لەپی دەستی ڕاستیدا تەمەکێک بوو

ئەو ڕۆژە بە قامکی شایەتی دەستی ڕاستەوە مۆرێک بوو

ئەرێ من تۆمەتبارتان ئەکەم بە جاشی

تۆمەتبارتان ئەکەم بە بەرژەوەندیخوازی

تۆمەتبارتان ئەکەم لە ناڵ و بزمارتان داوە

تۆمەتبارن بەوەی هەوچی زمانی خۆتان و ڕیفۆرمخوازی زمانێکی تر

تۆمەتبارتان ئەکەم نوێژی هەینیتان خوێندووە سەردەمانێ

تۆمەتبارتان ئەکەم بە دەنگدان

تۆمەتبارتان ئەکەم بە ڕەخنەگر بوون

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی مووچەخۆرن

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی بانگەشەچی بووەن

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی نالیتان کوشتووە

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی زوو ڕووی خۆتان ئەگۆڕن

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی ئەچنە سەر گۆڕی سوارە و

ئەڵێن خەوەبەردینە گرنگە

تۆمەتبارتان ئەکەم بە وێنەگرتن

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی ناوی گەلاڕێزانتان گۆڕیوە بۆ

ئابان

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی مافیان

تۆمەتبارتان ئەکەم بەوەی لە دانیشتنەکانتانا ناوی کتێب

ئەهێنن

شرۆڤەی ئەکەن

ئەمانە تەنیا تۆمەتی پەراوێزە

ئەم وڵاتە تۆمەتبار ئەکەم بە گەندەڵی کە ئێوە بوونەتە

دەمڕاستی

دڵسۆزی

ئەم شۆڕشە تۆمەتبار ئەکەم بە ڕیفۆرمخوازی کە ئێوە

خەمخۆری بن

ئەم مێژووە تۆمەتبار ئەکەم بە بکوژ کە ئێوە ناوی فرە

کەستان تیاسڕیوەتۆ

کە ئێوە تەنیا پێنج چرکە شەهید بەلاتانەوە شەهیدە

تۆمەتبارن بەوەی کە لە کاتی خۆتانا گوو ناخۆن و دواتر

ئەیخۆن

ئەم زمانە تۆمەتبار ئەکەم بەوەی کە چیتر لە گۆرانی و

حەیران و سیاوچەمانە و لاوک و دەنگبێژەکانی خۆی

تێناگات و گوێی بۆ ناگرێت

تۆمەتبارە بەوەی هەرکەس هەڵەسێ پیا ئەتسێ

تۆمەتبارە بەوەی جیاوازی لە نێوان مەلا عەبدولکەریم
مودەڕیس و سەعیدی نەجاڕیدا ناکا

تۆمەتبارە بەوەی تا ئێستا نەیتوانیوە بیرکاتەوە

خاس و خراپ لێک ناداتەوە، هەرکەس قسەی پێ بکات
ئەوە بە ڕاست ئەزانێ

ئەگەر ئازارت کەمتر بوایە ئەموت کە باوکت لە پاییز
کسکنترە و بەردەوام ئەترسێ لە برسا بمرێ

ئەموت کە لە بەهار هەوڵترە

من تا تۆم نەکردە ڕابردوو و هەست و مەرگ
نەمنووسیت فەرهاد

مەگەر لە هەست دوورترمان هەیە بە مرۆڤ

ئەو دووریەی هەستم خۆش ئەوێت

ئەوەی کە هەموو شتێک لێڵ ئەکات

من تا تۆم نەکردە ڕابردوو نەمنووسیت فەرهاد

چوون ڕابردوو بۆ من کارنامەیە

تۆمەتبارتان ئەکەم بە ڕابردوو

تا ڕابردوو ببێتە گورگ و سکتان بدڕێ

ڕابردوو مرۆڤە بە ساقی، یەکپارچەیە، چیترە ڕابردوو

بۆت فەرهاد خۆت بیڵێ

تەنیا نەڵێی هەڵوێستە!

ئەگەر زیندوو بای بۆم ئەگێڕایتەوە چۆن هەواڵی

مەرگتیان پێدام

ڕاستییەکەی بێدەنگ بووم دوای بیستنی

لەو هەواڵانەی تەنیایی و دەروونت پڕەکەن لە بێدەنگی

بێدەنگ بووم،

باران ئەباری و بەرەو گۆڕستان بەڕێکەوتم

بێدەنگ بەڕێکەوتم، جگەرەیەکم هەڵکرد بوو با خێرا ئەو دووکەڵەی ئەمدایە دەرۆ ئەیفڕاند و چاوم لەوانەی تر ئەکرد، تاق و فیق، دوور و نزیک، یەک یەک و دوو دوو بەرەو گۆڕستان و گۆڕەکەت بەڕێکەوتبوون.